*Jaza Chingiani*
*Postfach 1172, 65796 Bad Soden /TS*
*Germany. Tel. 06196- 6 22 67*

١٩٩٨، ١٢، ١
فرانکفۆرت

بۆ بەڕێزان :

١ ) د . محمود عثمان
٢ ) د. نوری تالَبانی
٣ ) نەوشیروان مصطفی
٤ ) د. کەمال میراودەلی
٥ ) د. فریدون حیلمی
٦ ) د. بورهان یاسین
٧ ) حاجی ئەنوەر
٨ ) هاشم کۆچانی
٩ ) د. رەفیق سابیر
١٠ ) د. جەبار
١١ ) د. مارف عومەر گوڵ
١٢ ) د. هەژار معروف

بەڕێزان ئێمە کە بەشێک لە نەتەوەی کوردی چەوساوە و نیشتمان داگیرکراو پەڕەوازەی هەندەرانین وداماوی کارەساتە مێژوویە یەک لە دوایەکانین ، دەکرێ تائەو رۆژەی دواهەناسە لە گەرومانداقەتیس دەبێ نەتوانین چرکەیەک لەغەم و نەگبەتی نەتەوەکەمان غافل ببین ، دنیا دەگۆڕی و مێژوو خولدەخوا و سنور و دیوار دەڕمێ و نەتەوە چەوساوەکانی جیهان هەلە مێژووینەکان دەقوزنەوە و ویست و خەوە نەتەوایتەیەکانیان دهێنەدی ، دروست بوونی ئەم بارو دۆخ و قەیرانە سیاسی و ئابووریەی جیهانیە بەگشتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خواروی ئاسیا و بەتایبەتی و بەگرانتر و گرژتر کێشەی کورد تەکانێکی مێژووی ترە و روبەڕوی هوشیاری نەتەوایەتیمان بۆتەوە ، دووژمن و ئەنفالکەری کوردستان ( صدام حسين ) ئیمڕۆ یان سبەی بەهەر هویەکەوە بێ کوتای بەژیان و ڕژیمەکەی دی کورد ووتەنی تەمەنی نوحی بۆ نەهاتوە ، لەلای ئێوەی بەڕێزو چاودیرانی سیاسی کورد و بیانی ئاشکرایە بەنەمانی ئەم دیکتاتورە ئەگەرێکی زۆر هەیە شلەژان و ئاژاوە وتێکهەڵچونی سەیرو سەمەر و خوێناوی لە عیراق و رەنگە بەهوی دەست تێکەڵاوی و تورکیشەوە لە کوردستاندا تەقینەوە لەنیوان ڕێکخراوەکاندا ڕووبدالەم بارەیەوە مێژوومان زۆر خوێناویە ٠

بەڕێزان : جاران زلهێزەکانی جیهان بەهوی دەزگا سیخوریەکانیانەوە زۆر بە نهێنی و بە پسکە پسکەوە لە گۆڕانکاری و کودەتاکاندا دەستیان دەخستە کێشەکانەوە وا ئێستاکە ( ئەمەریکاو بریتانیا ) بەئاشکرا نەخشە ی رمانی ڕژێمی عیراقی دادەڕێژن نەئەوان شەرم دەکەن و نە ئۆپۆزسیۆێنی عیراقیش چاوشۆڕە بەرامبەر بەم هاوکارییەیان ، لێرەدا شوێن و کات و مەبەستی هەلسەنگاندنی لاکانی ئۆپوزسیۆێنی عیراقی نیە بەڵکو ئاشکرا کردنی غەمێکە کە دەبێ ئێمە دەمێک بوایە بیرمان لێ بکردایەتەوە نەخشەمان بۆ دابڕشتایە ، بۆ ئەم مەبەستە من لێرەدا پێم باشە دەرگا لەمەڕ بابەتێک بەڕووی ئێوەی هێژادابکەمەوە ئایا ئێمە ئەرکمان دواکەوتنی ڕوداوەکان و تۆمارکردنیانە لە مێژووی تاڵماندا یان ڕۆڵ ببینین تیایاندا ؟ پێش ئەوەی ڕوودانی رمانی ڕژێمی بعث ڕوویدا کە بەدڵنیایەوە (**ڕوودەدا** ) ئایا کورد خۆ ئامادەگی و نەخشەییەکی نەتەوەی بۆ ئەوە قۆناغە و بۆ کەڵک وەرگرتن لە بۆشای دەسەڵات لە عیراقدا داڕشتوە ؟ زۆر بەداخەوە دووزلهێزەکەی باشوری کوردستان تائێستالەم بارەیەوە خاوەنی هێڵێکی ئیستراتیجی و نەخشەیەکی دارێژراونین بۆیە پێویستە لەسەر ئێمە پێش ڕووداوەکان بکەوێن و بیرلە دروستکردنی

یەکەیەکی سیاسی مودیرنی ناوەڕۆک جیاوز لە سیاسەتی پارتە تقلیدیەکانی کوردی بکەینەوە پێش ڕوودانی ڕمانی بعث بتوانین وەک پارت یان ڕێکخراوێکی مۆدێرن و پێشکەوتنخواز و( دیموکرات ڕیباز ) ی کوردی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عیراقدا و بەتایبەتی لەم سات و هەلە میژوویەدا خۆمان ئاشکرا بکەین و هەوڵبدەین قەوارەیەکی سیاسی لەسەر ئاستی پیداویستەکانی ڕۆژ و تەبای بوون لەگەڵ ڕەوتی ئەم سەردەمەمان دەست بەکار بین وەک پارتێکی کوردی و ئوپۆزسیۆێنی عیراقیش خۆمان بناسینین ، دروست بوونی پارت یان ریکخراوێکی وا بەمەبەستی دوژمانیەتکردنی ( ی ، پ ) و سوکایەتیکردن بە کەسایەتی (طاڵەبانی و بەرزانی ) نیە بەڵکو پرۆسێسێکی لوژێکی بەری وزەی بیری نەتەوەی کوردە و سیاسەتی کوردیش قونتەرات و تاپۆکراوی هیچ خیزان و دەستە کەسێکی دیاریکراوی کۆمەڵ نیە ، جگە لەوەی دروست بوونی وەها پارتێک دەبیتە دەنگێکی نۆی کوردی و دەچێتە پاڵ دەنگە کوردیەکانی ترلە هەمان کاتدا دەتوانرێ ببیتە قوتابخانەیەکی فکری و بۆ تێگەیشتن و ڕاهێنانی کورد بە کاری سیاسی بێ توندو تیژی و بەکارنەهێنانی چەک بۆ چارەسەری کێشە سیاسیەکان ، دەتوانرێ لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی باشوری کوردستان وەک پارتێکی کوردی سەربەخۆ هاوبەشی هەڵبژاردنی پەرلەمان و کورد لە نەگبەتی ( ٥٠ بە ٥٠ ) ڕزگار بکەین لە پەرلەمانی دوای ڕمانی بعث یشدا لە پاڵ دەنگە کوردیەکانی تردا ڕۆڵمان ببێ ٠ بەڕیزان باکاریگەری ئەو ماوەی لەتارۆگەدا ژیاوین تەنیا لەسەر شێوەی جل و بەرگ و قژبڕینەکانمان نەبێ بەڵکو ئەو تامی ئازادی و ژیانی دیمکراتیانەی تیدا دەژین وەک دیاریەک بۆ ڕەش و ڕووت و چەوساوەکانی میللەتەکامان لەکاتی گەڕانەومان بۆ کوردستان پێشکەشیان بکەین ، ڕاستە هەر یەکە لە ئێمە خاوەنی مێژوویەک و کەسایەتیەکی تایبەتیە ، شتێکی لۆژیکە جیاوازی و کەم و کوڕی و هەڵەمان هەیە بالەبەر خاتری ئەو میللەتە و ئەم قوناغە ناسکە چاولەو کەم و کوڕیانە بنوقێنین و لەسەر بەرنامەیەکی نەتەوەی ڕێک بکەوین ،ئاشکرایە نە ئەندامانی پارتەکەی گێهارد شرۆدری ئەڵمانی و نەئەندامانی پارتەکەی تۆنی بلیری بریتانی خاوەنی یەک کەسایەتی و کەرەکتەر و مێژوو و عاشقەو ماشقەی یەکتریش نین بەدڵنیاوەو ناکۆکی هەیە بەڵام لەئاستی بەرنامەیەکی نەتەوەی و فەلسەفەیەکی سیاسی دا یەکن

بەڕیزان : کورد گەر بۆ ئەگەری لە پڕ نەمانی بعث نەخشەو وهێڵێکی ئیستراتیجی کوردی دانەڕێژێ ئەوە لە کاتی ڕماندا توشی هەمان هەڵەی دوای ڕاپەڕینەکە دەبینەوە خەڵکی بەروە شەڕەخۆری و ئاژاوەو بێ سەرو پی دەڕوون هەڵمان لەکیس دەچی لەسەرکورد پێویستە لەکاتی دروست بوونی بۆشای سیاسی و نەمانی دەسەڵات و سوپا و پۆلیس و ئەمن دەزگا سەرکوتەکان یەکەم کاری ئازادکردن و پاککردنەوەی شارە پترۆڵیە کوردەکان لە دانیشتوانی بەزۆر هێنراو بە شیوەیەکی انسانی و هێمنانە و بێ بەکارهێنانی توند و تیژی بێ دەمارگیری وەک چۆن ئەڵمانیەکان لەکاتی تلیسانەوەی بلۆکی سوسیالستی و ڕمانی دیوارەکەی بەرلین لکاندنی هەردووپارچەکەی ئەڵمانیایان کردە خاڵی وەرچەرخاندنی مێژوو ئێمەش دەتوانین بەو کارە هەڵسین٠

بەڕێزان : بەپێ ئەو تۆێژینەوە ی وا ماوەی دووساڵە خۆم لەگەڵیا خەریک کردوە ( ڕۆڵی پترۆڵ لەگرفتی کوردیدا ) وبەپێ تێگەیشتنی سیاسیشم گەر کورد لەکاتی نەمانی دەسەڵاتی چەقدا لە بەغدا شارە پترۆڵیەکان کونترۆڵ بکات ئەوە جگەلەوەی ئەوگرفتەی لەساڵی ١٩٢٥ وە پێوەی دەناڵێنین و ڕژیمە یەک لەداویەکانی عیراق بەهیچ شێوەیەک سنگی ئەوشارانە بەرنادەن وقوناغ دوای قۆناغ ڕژێم دوای ڕژێم وسورن لەسەر بەعەرەبکردنییان ئەوە بە پاککردنەوەیان جگە لەوەی لە غەمێک ڕزگار دەبین و زلهێزە خاوەن بەرژەوەندیە پترۆڵیەکان و ڕژێمی عیراقی زیاتر گوی بۆ داخوازیەکانمان دەگرن ، لە مەڕ بوونی ڕێکخراوێکی مودێرن و خاوەن ئیستراتیجێتێکی کوردی نۆی خوی لەخویدا ئەرکێکی مێژوویەوە دڵنیاشم گەر ئێمە بڕوامان بەخۆمان و کێشەکەمان هەبی دەتوانین لەماوەیەکی کەمدا لەو هەموو ڕۆشنبیر و نووسەر و سیاسەتمەدارە دانیشتوەکانی ( کوردستان وهەندەران ) وئەو هەموو توانە پەرش و بڵاوانەی ( کوردستان و هەندەران ) چەپکە توانایەک لە شیوەی پارتێکی وا دروست بکەین زۆر لەوانەی بونیان هەیە لەناو ئۆپۆزسیۆێنی عیراقی ولەشی سیاسی کوردیدا ڕۆڵی پۆزوتیف ببینین ، هیژاکان ژیان ملی ڕێگەی گرتوە و کات لە سەرمان ناوەستێ وا سەدەی بیستەم خەریکی ماڵ ئاوییە و هێشتا کورد بە مافە سەرەتایە سادەکانی مرۆڤ شاد نەبووە !!! بە هیوای ئەوەی وەڵامی ئەم پێشنیارە ببێتە هوی هەنگاوێکی بەپێز و کارێکی بە نرخی نەتەوایەتی و دروست بوونی ( **پارتێکی لیبریالی کوردی** ) ٠

براتان

جەزا چنگیـــانی

تێبینی : بۆمەبەستی وەڵامدانە و لێدوان پەیوەندی بەو ناونیشانەی سەرەوە بکەن